د.خالید شوانی وەزیری داد پێشوازیکرد حەلیمە ئیبراهیم بوسەفی هاوتا لیبییەکەی لەبەغدا

خالید شوانی وەزیری داد، بەیانی ئەمڕۆ شەممە لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا، پێشوازیکرد لەحەلیمە ئیبراهیم بوسەفی وەزیری دادی لیبیا وشاندی یاوەری، کەپێکهاتبوون لەراوێژکاری وەزارەتی دادی لیبیا وگەورە بەرپرسانی وەزارەت.

وەزارەتی داد لەراگەیەندراوێکدا رایگەیاند سەردانی وەزیر دادی لیبیا بەمەبەستی بەشداریکردنە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دادی عەرەب کەخولی (39) هەمینی لەبەغدا ساز دەکرێت.

جێی ئاماژەپێکردنە بەغدا میوانداری خولی(39)هەمینی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دادی عەرەب دەکات،کەبۆ یەکەمین جارە لەبەغدا ساز دەکرێت لەبەرواری 16تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا،هەروەها لە15 تشرینی یەکەمی-2023 خولی(72)هەمینی کۆبوونەوەی نوسینگەی جێبەجێکاری ئەنجومەنی وەزیرانی دادی عەرەب ساز دەکرێت.